# نەزۆک

فەرەیدوون حەکیم زادە
(مهاباد)

«ژیانێک بەکـــورتی دوو لاپەڕە و درێژایی داڕژانی فرمێسکێک»

دەمێک بوو دڵی گوڵان گیرا بوو؛ دەمێک بوو هێلانەی گەرموگوڕی چێ کردوویان سارد ببۆوە. ئەوان دوو کۆتری ئەویندار‌ی شاری پەریـیـان بوون، هەمـوو ڕۆژێ لە هەوری دەمیـان بارانە وشەی میـهرەبانی دەباری و وەک پەیتووکە لەسـەر داری ژین لە هاتووچۆ دابوون. دەسـتـە نوێنێک و هێندێک قـاپ و کـەوچک و دنیــایەک ئەوین بنەمــای ژیانی نـوێیـان بوو. لەو دەفـتـەرەی مـامـۆسـتـا لە پێشی دانابوون، بڕیار درا تا گـڵـەبانی چاویان پێکەوە بژین بۆ ژینی خۆش، هەردووکیان قامکیان پێوە نابوو؛ چاویان لە چاوی یەکـتـر کـردبوو و بێـدەنگ مـەمـوزینی خـانیـان خوێندبۆوە و هەستیان پێکرد بوو...

نۆ مــانگ تێــپــەڕ بوو، دەســتی چارەنووس گــوڵان و مامەندی بۆ وڵاتی غـوربەت هەڵدا، کچە شاری کرمانشا بسکی ڕەشی لە ژێر مانگی درەوشاوە دادێنا. ئەو شارە شاهیدی ژیان بوو ئەویش لە خۆشترین ژیان. گوڵان پاک و خاوێن و ڕۆح سووک بوو لە ماوەیەکی کورتدا دەیتوانی شـیـوی چەند مـیــوانان ساز بکا و بۆ مـامـەند مـایەی شـانازی بێت... سـات و کـات هاتن و ڕۆین، حـەوتە و مـانگ و سـاڵ لە ئەسـپی ژین، دابەزین. دوای سـاڵێک وردە وردە کـردەوەی ڕۆژانەی مـامـەند گـۆڕابوو. نیـگای قـســەکـانی لەتەک گــوڵان بۆنی غــەریبی و نامـۆیی لێ دەهات. سی سـاڵ لە ژیانی هاوبەشـیــان تێ پەڕیــوو. هەمـوو جارێ کـە دەچوونە لای دکـتـۆر بە دنیـایەک خـەم دەگـەڕانەوە مـاڵێ. کـاکـە گـیـان ژنەکـەت نەخـۆشـە و منداڵی...

گــوڵان ئاڵۆزێکی یەکـجـار زۆری لە دڵدا بـوو، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە چاوانی دەخزانە سەر گۆنا. دەڵێن لە هەندەران چار هەیە! ئەوان بۆخــۆیان دەزانن چ بکەن.



نا... نا مامەند ئەوە نا... سەری هەڵدێنا و دەپاڕایەوە، خوایەگیان خوایە، خوایەگیان خوایە.

ئەو شەوە شار، شارێکی تر و ژیان ژیانێکی دیکە بوو. گوڵان دەیهەویست ماوەیەکی کورت مامەند جێ بێڵێ تا بە خۆیدا بێتەوە. چار نەبوو زۆر جار ئەسپی ژین ڕوو لە هەورازانە. ماوەیەک بوو لە شاری مهاباد نیشتەجێ بوو. ڕۆژێک تەتەری نامەبەر لەباتی هێنانی گوڵی سووری ڕووی دولبەر، نامەیەکی پڕ لە بۆنی مەیتە گوڵێ، مەرگی دڵی هێنا و دایە دەستی. کە زارەکی نامەی کردەوە ئیتر کوا یار و هاودەمێ ئەم سینگە ئاڵۆزەی لە خاکی دڵیا هەڵقەنێ؟ ناوەرۆکی نامە: جیابوونەوە!!! تاوان: نەزۆکی.

ئێوارەیەکی یەکجار ناخۆش بوو. ئەم ئێوارەیە لە هی ڕۆژانی پێشوو نەدەچوو. قورسایییەکی سامدار میوانی بوو. ڕەنگە تەنیا بۆ ئەو وابا. لەو دیوی پەنجەرە ژیان هەبوو، بزە لەسەر لێوان بوو. گوڵان چاوی لە دوورەوە بڕیبوو پێی وابوو ئێستاش دەبێ هەر چاوەڕوانی کەسێک بێت کە زۆر قسەی دەگەڵ کردبوو و زۆریشی مابۆوە. کاتژمێری سەر دیواری ماڵیان وەک کوند لەسەر دیوار نیشتبوو و پاڵی بە کاتەوە دەنا. حسێبی کات و شوێنی لەدەست دا نەمابوو. پێی وابوو چ دەبێ ژیان وەک کلیدی کارەبای ماڵەکەیان با؟! بەپێی دڵخواز دەستی پێدا هێنابا و کوژابایەوە، نە ئەو نە ژینی وەک شەو. کوا دەتوانێ قورسایی خەمێکی ئاوا کۆڵ کێش بکا؟

شەپڵەیە، شەپڵە؟! ئەدی چار چییە؟ چارە نییە تەنیا دەبێ پەردەی خەم لەسەر دڵی لادرێ. بەڵام چلۆن؟ گوڵان زۆربەی شەوان خەونی دەدیت. زۆرجار خەونی سفرەیەکی دەدیت دوو منداڵی لەمبەر و ئەوبەر دانیشتبوون، مامەندیش بەرانبەریان دانیشتبوو، تا ئەم پارووەنانەکەی قووت دەدا، ئەویتر دەیهەویست. دنیایەکی یەکجار خۆش بوو، خۆی و خەیاڵی خۆش، خۆی و ژیانێکی خۆش.

دڵە گۆشتنەکەی گوڵان خۆی ڕانەگرت و لە شەوێکی ساردی زستان لە لێدان کەوت. بۆ سبەی خەڵک و شار تەرمی گوڵانیان بۆ گۆڕستانی شار بەڕێ کرد. بەفر کلوکلو دەکەوتە خوار و تابلۆی سپی دەکرد. لەو نێوەدا دووکەس بەرچاو بوون، مامەند و ئەو کابرایەی لەباتی دکتۆر دادەنیشت.

بە ئەسپایی دەمی بردە بەر گوێی مامەند و گوتی: دەزانی ئەتۆ نەخۆش بووی و گوڵان...

وست بە. ئەتۆ تەواو پوڵی خوت وەردەگرت...